## (( هەشتاو هەشت دووخاڵ سفر سفر ))88:00

**هۆنراوەی شالاو علی لە سوێد**



بۆ نایەی خۆمان بکەین بە هەشتاو هەشت پارچە !
یان خۆمان بکەین بە چوار کەرتە چیا..،
بێجگە لە من و تۆ هەموو دراوسێکانمان دەماننناس .
کەس نییە من و تۆ نەناسێ ، تۆ زۆر جار نهێنیەکانی منت
لە بن دارخورماکان گێڕاوەتەوە یان من زۆر جار
وێنەی تۆم لە نەخشەی مافوورەکانی کاشان کێشاوە ..
هەموومان یەکتر دەناسین ..
دراوسێکەشمان باسی من و تۆ بۆ کەرتە مانگە سپیەکە دەکات
..،
خۆی لە تەنیشت ئەستێرە سپیەکە دەشارێتەوە ..، و
نهێنەکانمان دەکات بە گۆرەوی و لە پێی دەکات
هێندمان قیژەی یەکتر بیست .. ئێستا لەودیو دەریاکانی
ێ .... ر ... م .... ی ... ل .... ئا ... ـــــــێــــ ....
ئەو تەنیا دەنگی خۆی گوێ لێیە ..،
من وتۆ هیچمان گوێ لێ نییە !
تەنیا دیوارەکان دەنگ دەدەنەوە ... ئاوێنەش شوێنی باوەڕ پێکردن نییە
بۆ نابیت بە باران ... مەبەستم ئەوە ئەو ،
نە ئاوم پێویستە نە باران ...!
من پێم خۆشەو ئەوان لێت دەترسن ، ئەوان ئێستاش وا دەزانن
ئەتۆ پێت خۆشەخۆمان بکەین بە چوار کەرتە چیا ...
ئەوان ئەم چیا کورتانە نابینن ،
دوو چیان بەرز نین .. بێ ئەشکەوتن .. ویستم لەوێ بە ئاشکرا یادگاریەکانم بخەمە ناو مێژوو ...،
تۆش ویستت لەسەر لووتکەی ئەو دوو کەرتە چیایە !
ڕەشماڵێک هەڵبدەی یان ماڵێک بۆ منداڵان دروست بکەیت ..
بەڵام ... چیا منداڵ دەخوا . چـــ ی ا
منداڵ د ە ت ر س ێ ن ێ
پرسیارەکان کورتن ! وەڵامەکان نابێ لە چیاکان کورتتر بن !
دەتوانی دوودێر زووتر بخوێنیتەوە بزانە چیم نووسیوە
شانزە ووشە لە دیوانێکی مێژوو شیعرێک دەنووسێ
یان شانزە شیعر لەدیوانێکی مێژوو ووشە دەنووسێ ؟
شیعرێکی پڕخوێن ... خەلک دەکا بە کونی مێژوو یان کونی ئاگر
یان کونی ئاگرخەلک دەکا بە شیعرێکی پڕ خوێن ،؟
ئاگر وەک مێژووە،،، مێژوو لەئاگر گەرمترە ،
جلەکانیان قسەدەکەن یان ملوانکەی ملی ئەوژنە
ئەوژنەی من گومانم هەبوو لە بوونی

تۆش وەک من نەتدەناسی ،کەس نەیدەناسی ، ،
چۆن وای لێ هات ، هەرملوانکەکەی قسە دەکات
جلەکانیان پێ دەکەنن و دەگێڕنەوە جاران ئەوان جلەکانیان دەکڕی بەڵام جلەکان ئەوان دەکڕن
ئەمڕۆ ئەمڕۆ ئەمڕۆ ئەمڕۆ ئەمڕۆ ئەمڕۆ ئەمڕۆ ئەمڕۆ
دەبێ لەمەو دوا ملوانکەکان دڵگیر نەکەن . خەناوکەکان زویر مەکەن
لەمەو دوا جلەکان مەشۆن و ودوو دڵ مەبن لە ڕەنگەکان
ڕەنگەکان قسە ناکەن لێیان گەڕێن لێیان گەڕێن .
کە تۆ نامەکەم دەخوێنیەوە ،هەمووی مەخوێنەوە ،بەڵام هیچی لێ باز مەدە
ناکرێ ووشە ووشە ،
وەرە با ببین بە چوار کەرتە چیا
یان ببین بە یەک ڕووبار ، ماسیەکان با چیتر نەکەونە نێوانی شەپۆڵ و ووشکایی
ماسی لە ووشکای ناترسێ بەڵام کە ووشکایی ماسی ببینێ دەیکا بە هاوڕێی خۆی
بۆیە مەهێڵە ماسیەکان زیاتر لە ئاو یاری بکەن
من دژی ماسی نیم . من دژی گوڵ نیم بەڵام
من ووشکایم خۆش دەوێ ، ووشکاییەکان ملوانکەی ئەویان دۆزیەوە
جلەکانی ، جلەکانی ،جلەکانی ، جلەکانی
کێ دەتوانێ بڵێ جلیش فرمێسکی نییە
وەرە با ببین بە چوار چیا و شانزە دیوارو هەشتاوهەشت گۆمە ئاو
من ماتماتیک نازانم بەڵام ماتماتیک دێت وهەموو نەخوێندەوارەکانمان
دەکات بە مامۆستا ،
هەموو چوارەکان دەبن بەیەک هەموو شانزەکان دەبن بە دوو
هەموو هەشتاو هەشتەکانیش ئاگر لە خۆیان بەردەدەن
هەشتاوهەشتاکان لە هەموو ژمارەکان یاخی ترن
هەشتاوهەشتەکان هەرهەشتاوهەشتەکان
ئاسمان چاوی خۆی دەبەستێ هەموو ڕۆژانی کەمن بە پەیژە هەڵدەگەڕێم
ئاسمان چاوی بەسترا ، هەموو کچەکان چاوی خۆیان بەست
هەموو یاخیەکان ،
کێ دەیزانی ڕۆژێک دادێ
بە بیرت دێ لەسەرەتای ئەوشیعرەمدا
من نووسیبووم
تۆ لە بن دارخورماکان نهێنیەکانی منت ئاشکرا کرد
دارخورماکان پەلو پۆیان هەیە و نایەڵن باڵندەکان بە قەدو باڵای ئەوان هەڵبگەڕێن
تۆ نهێنیەکانی منت خستە ژێر دارخورما ...،
منیش وەک تۆ هەرچی نهێنی تۆ هەبوو
لە نەخشێکی مافوری کاشان هەمووم کێشا
نە دارخورماکان ڕەگ و ڕیشەیان ئەوەرێ ..،
نەمافورەکانیش ئەسوتێن ..،
تازە ئەستێرە سپیەکەش ئاوا نابێ ..،
ئەو کەرتە مانگە سپیەش ..،

هەموو یاداشتەکانی من ..،
ئەو یاداشتانەی بەیەکە دەماننوسی ،
کەوتە ژێر پێی کەرتە مانگە سپیەکە ،
دراوسێکەمان هەمووی بۆ نارد ...،
نهێنیەکانت ... ئاخ نهێنیەکانت
نهێنیەکانت
نهێنیەکانم ..،
وەرە بابین بە هەشتاو هەشت کەرتە مانگ ،
وەرە با ئەوکەرتە مانگە سپیە
بکەین بە ئەستێرەیەک ،
وەرە با بیکەین بە بیست تیشک ..،
ئەو ئەستێرەش بکەین بە یەک تیشک ...،!
ئەوسا ئەوشیعرەش
دەست پێ دەکا ،،

Shallaw1@hotmail.com